گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی گۆڕانکاری جوگرافیای سیاسی لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دبلۆماسی و جەنگ لە میسۆپۆتامیا (2000-1162پ.ز)

**پ.ی.د. ئاری خلیل کامل**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
Ari.kamil@su.edu.krd

**چیمەن رقیب فاتح**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
chemanraqib87@gmail.com

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/٧
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٢٩
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Political Geography War, State, Border, Diplomacy*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.3

## پوختە

جوگرافیای سیاسی لە میسۆپۆتامیا ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی پادشاکان و دەوڵەتانی فەرمانڕەوا لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، لەژێر ڕۆشنایی پێوەری دووری و نزیکی سنورەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان پادشاکان، و دروستکردنی پەیوەندی دبلۆماسی یان هەڵگیرساندنی جەنگ و ململانێ، یان گرتنەبەری بێلایەنی لەم شەڕ و ململانێیانەدا، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان و پاراستنی ئاسایشی وڵات. بێگومان جەنگ و ململانێیەکان و پەیوەندیە دبلۆماسیەکان ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و دوورە سنور، هەروەکو دەبینرێت لەنێوان شانشینەکانی ئەشنۆنا و ئاشور، و لارسا لەگەڵ ئایسن و بابل، و کاشیەکان لەگەڵ عیلامیەکان...هتد، شایانی باسە پادشاکان لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسیەکان و پاراستنی سنوریان پەیوەندیی دبلۆماسیان بەستوە لەگەڵ دەولەتانی دراوسێ بە ئامانجی پاراستنی هاوسەنگی هێز و ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەوڵەت، وەکو بەستنی پەیوەندی میتانیەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر دژی حیسیەکان، کەواتە گرفتە سیاسیەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر پچڕان و بەردەوامیەتی پەیوەندییەکان.

## پێشەکی

میسۆپۆتامیا خاوەن تایبەتمەندیەکی گرنگە لە ڕووی جوگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوان، و ڕۆڵێکی کاریگەر و ڕاستەوخۆی هەبووە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن، بەتایبەتی لە هەزارەی دووەمی پێش زایینی، بەشێوەیەك ئاموریەکان لقێکی هۆزە عەرەبە دێرینەکان (جزریەکان) بوون، دوای کۆچکردنیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی و هاتنیان بەرەو میسۆپۆتامیا، لەڕێگەی دامەزراندنی چەند شانشینەك ڕۆڵی باڵایان بینی لە فەرمانڕەواییکردنی میسۆپۆتامیا، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، لە دیارترین شانشینە ئاموریەکان بریتی بوون لە (ئایسن، لارسا، ئەشنۆنا، بابل، ماری...هتد)، بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)، کە هەریەکەیان خاوەن جوگرافیایەکی سیاسی سەربەخۆ بوو، لەپێناو فراوانکردنی بەردەوام لە ململانێدا بوونە و فاکتەری زیاتر گۆڕانکاریە سیاسیەکان بوونە لە چوارچێوەی میسۆپۆتامیا، بەڵام لەنیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین بەهۆی هەبوونی چەند هێزێکی هاوسەردەم و باڵادەست لەماوەی فەرمانڕەواییکردنی کاشیەکان لە وڵاتی بابل، ئەوانیش ئاشوریەکان لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵات، و میتانیەکان لە ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای ڕووباری فوڕات، بێجگە لەمانەش حیسیەکان لە وڵاتی ئەنادۆڵ و بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر کە وەك گەورەترین هێز دەهاتنە هەژمار لەم ماوەیە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (2)، بەهۆی هەبوونی پەیوەندی دبلۆماسی و جەنگ لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، سەرەڕای کاریگەریەکانیان بەسەر میسۆپۆتامیا، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن.

لەسەر ئەم بنەمایە دووری و نزیکی جوگرافیا سیاسیەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئاراستەی ستراتیژیەت و سیاسەتی پادشاکان، بەشێوەیەك هاوسنوربوونی دەوڵەتان و هەوڵدانی فراوانخوازی ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە بەردەوامبوونی جەنگ وململانێیە سیاسیەکان، هەروەکو لەنێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شانشینەکانی ئاشور و ئەشنۆنا، ئایسن لەگەڵ لارسا و بابل، هەروەها کاشیەکان لەگەڵ هەریەکێك لە ئاشوریەکان و عیلامیەکان، میتانیەکان لەگەڵ حیسیەکان و ئاشوریەکان، بەڵام لە دەوڵەتانی دوورە سنور، ڕووداوە سیاسیەکان کاریگەریەکی زۆریان هەبووە لە دروستبوون و گەشەسەندنی پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتە دوورە سنورەکان، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری سەرهەڵدانی هەڕەشە و مەترسی دەوڵەتێکی نێوەندگیر و هەوڵدانی بۆ فراوانخوازی و دەرکەوتنی وەکو هێزێکی سەرەکی، هەروەکو ڕۆڵی ئایسن لەنێوان لارسا و ئەشنۆنا، حیسیەکان لەنێوان میتانیەکان و بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر، ئاشوریەکان لەنێوان حیسیەکان و کاشیەکان.

## هەڵبژاردنی ناونیشان

هۆکاری هەلبژاردنی ناونیشانی تویژینەوەکە دەگەرێتەوە بۆ کەمی لێکۆلینەوەیەکی ورد و زانستی دەربارەی ڕۆڵی جوگرافیای سیاسی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دبلۆماسی و جەنگ، هەرچەندە لەلایەن توێژەران چەند توێژینەوەیەکی زانستی نوسراوە لەسەر پەیوەندیە سیاسیەکان، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین ئاماژە بکەین بە پەیوەندیە سیاسیەکان لەژێر کاریگەری دووری و نزیکی جوگرافیا سیاسیەکان.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم تویژینەوەیە دەگەرێتەوە بۆ بابەتێکی زۆر هەستیار و گرنگ، کە بریتیە لە توێژینەوە لە ڕۆڵی جوگرافیای سیاسی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دبلۆماسی و جەنگ، بەشێوەیەك ڕەنگدانەوەی دووری و نزیکی سنورە سیاسیەکان لەسەر پەیوەندیە سیاسیەکان شیدەکەینەوە، و کاریگەریەکانی لەسەر بارودۆخی سیاسی میسۆپۆتامیا دەخاتەڕوو کە ئەمەش جێگای بایەخ و گرنگی پێدانە.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە روونکردنەوەی ئاستی دووری و نزیکی جوگرافیای سیاسی لەسەر ستراتیژیەت و سیاسەتی دەوڵەتان، هەروەها دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکار و ئامانجانەی کە کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆڕینی سیاسەتی پادشاکان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## میتۆدی توێژینەوە

لەم تویژینەوەیەدا پشتمان بە (میتۆدی شیکاری) بەستوە، بە مەبەستی شیکردنەوەی چۆنیەتی کاریگەربوونی پەیوەندیە سیاسیەکان بە دووری و نزیکی جوگرافیای سیاسی.

## پلانی توێژینەوە

توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دووبەش و چەند تەوەرەیەك و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ پێکدێت، بەشی یەکەم پێنج تەوەرە لەخۆدەگرێت و تیشك خراوەتە سەر دبلۆماسیەت و جەنگ لەژێر کاریگەری نزیکی جوگرافیای سیاسی، و بەشی دووەم پێکهاتوە لە چوار تەوەرە تێدا ئاماژەدەکەین بە دبلۆماسیەت و جەنگ لەژێر کاریگەری دووری جوگرافیای سیاسی.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گومانی تێدا نیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری مێژووی کۆن بێ کێشە نابێت و لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە رووبەرووی کۆمەڵێك ئاستەنگ بووین، لەوانە جیاوازی زانیاریە تۆمارکراوەکان، کە پێویستی بەتوێژینەوە هەیە بۆ گەیشتن بە دروسترین زانیاری، هەروەها گۆرینی مانا و زانیاری نوسراوە مێخیە شیکراوەکان لەلایەن کەسانی دەمارگیر و رەگەزپەرست لە پەرتوکەکانیان، بەشێوەیەك ئەم پادشا و دەوڵەتانەی کە هەستی لایەنگیریان بۆی دەچێت، سەرەڕای ڕووبەرووبوونەوەیان بە شکست، بەڵام سەرکەوتنە سیاسیەکان دەخەنە پاڵیان و شکست و دواکەوتویی شارستانی دەخەنەپاڵ ئەمانەی هەستی نەیاریان بۆی دەچێت ئاستەنگێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە.

### 1- دبلۆماسیەت و جەنگ لەژێر کاریگەری نزیکی جوگرافیای سیاسی

ئاسایشی و دڵنیایی دەوڵەتان لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراو بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەشێوەیەك هاوسنوری و نزیکی جوگرافیا سیاسیەکان زیاتر کاریگەریان دەبێت لەسەر ئاسایشی یەکتری وەك لەوەی سنوری جوگرافیایان دووربێت، چونکە بەهۆی ئەم نزیکیە مەترسیەکان زووتر دەگوازرێنەوە بەتایبەتی لەکاتی فراوانخوازی هەڕەشە سنوریەکان دێنە ئاراوە (Buzan, Waever,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2003, p45)، هەروەها ئەم دەوڵەتانەی پێگەیەکی ستراتیژی گرنگیان هەیە و دەکەونە نێوان دوو دەوڵەتی دیکە کاریگەریان دەبێت لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی هێزی دەوڵەتانی دراوسێ، بەشێوەیەك داگیرکردنی ئەم دەوڵەتە ستراتیژیە لەلایەن هەریەکێك لە دەوڵەتە دراوسێیەکانی بەهۆی ناوەندبوونی جوگرافیایە سیاسیەکەی دەبێتەهۆی زیادبوونی هێز و سنوری دەوڵەتە داگیرکارەکە و گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە (الشاعري، 2006، ص331).

**1-1: هەرێمی جێنشینەکانی زاگرۆس لە نێوان شانشینەکانی ئاشور و ئەشنۆنا**

به پیتی خاك و هەرێمی چیاکانی زاگرۆس و دراوسێ بوونی لەگەڵ جوگرافیای سیاسی شانشینی (ئەشنۆنا)[1] هۆکارێك بووە پەیوەندیەکانیان زیاتر لایەنێکی دوژمنانە بەخۆوە ببینێت، بەهۆی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی ئەشنۆنا، هەروەها بەردەوام هێرشی پادشاکانی بۆ سەر ئەم هەرێمە، فاکتەرێك بوو لەسەردەمی (شو-ئیلیا-Šu-iliya-2011-2017پ.ز) پادشای ئەشنۆنا هاوپەیمانیەك پێکهات لەنێوان (زینوم-Zinnum) فەرمانڕەوای (وڵاتی سوبارتۆ)[2] و (کینداتۆ-Kindattu) فەرمانڕەوای (سیماشکی)[3]، لە هەڵمەتێك بۆسەر ئەشنۆنا توانیان (شو-ئیلیا) بکوژن، لەگەڵ ئەوەی ئەشنۆنا ملکەچی خۆی ڕاگەیاند بەرامبەر بە سوبارتۆ، بەڵام دەسەڵاتی سوباریەکان درێژەی نەکێشا بەهۆی دەرکردنیان لەلایەن (نور-ئاخوم-Nur-Ahum-2002-2010پ.ز) (مایی، 2019، ص34-38).

جێگای ئاماژەیە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی ئەشنۆنا و شانشینی (ئاشور)[4]، بەهۆی چاوتێبڕینەکانی (شەمشی-ئەدەد-Šamšî-Adad-1775-1796پ.ز)ی پادشای ئاشور بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، و ناوەندبوونی ئەم ناوچانە بە شەڕ و ململانێی نێوان ئاشور و ئەشنۆنای لێکەوتەوە (Laessoe, 1963, pp57-58)، بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی فراوانخوازیەکی زۆری (شەمشی-ئەدەد) بۆ سەر ئەم زەویانەی کە لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئەشنۆنا بوون، چونکە بووەهۆی بەستنی هاوپەیمانیەك لەنێوان (دادوشا-Daduša-1780-1790پ.ز) پادشای ئەشنۆنا و (شانشینی توروکو)[5] (اسماعیل، 1997، ص37)، و ڕووبەڕووی (ئاشوریەکان)[6] بوونەوە بەسەرکردایەتی (ئیشمی-داگان-Išme-Dagan-1735-1775پ.ز) لە ناوچەی (ئیکلاتوم)[7] و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام دواتر پەیوەندیەکانی ئاشور و ئەشنۆنا بە ئاڕاستەی ئاشتیانە هەنگاوینا، بەهۆی

هەستکردن بە مەترسی چەند هێزێکی دەوروبەریان، وەکو شانشینی توروکو کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ لە چیاکانی زاگرۆس و هێرشکردنە سەر دەشتاییە بە پیتەکان جۆرە هەڕەشەیەکیان دروستکردبوو لەسەر شانشینەکانی ئاشور و ئەشنۆنا، هەروەها بە ئامانجی دەستگرتن بەسەرشانشینی (قەبارا)[8] (وهد، 2006، ص129-130)، و لێدانی (ئارابخا کەرکوکی ئێستا)[9] بوو، بەتایبەتی ئارابخا کە شارێکی جیاکەرەوەی سنوری هەردوو شانشینەکە بوو، و لە لایەنی ئابوریەوە گرنگیەکی تایبەتی هەبووە (النجار، 2011، ص35-37)، لە دیارترین دەرئەنجامەکانی ئەم هاوپەیمانیە سەربازیە بریتی بوو لە کۆتایهێنان بە شانشینی قەبارا و (بونو-عەشتار-Bunu-Ištar)ی پادشایان بەدیل گیرا و گوازرایەوە بۆ ئەشنۆنا، پاشان ناوچەکانی قەبارا دابەشکرا لەنێوان هەردوولایەن، بەڵام دەربارەی داگیرکردنی ئارابخا وادیارە لەلایەن ئاشوریەکان بەبێ هاوکاری سەربازی ئەشنۆنا بووبێت (الجبوري، 2018، ص201-206).

هەروەها سەبارەت بە شانشینی توروکو سەرەڕای خراپ بوونی بارودۆخی ئابوری بەشێکی زۆری ناوچەکانی لەدەستدا و ئەوەی زیاتر بارودۆخی ئەم شانشینەی دژوارتر کرد، دروستبوونی هاوپەیمانی بوو لەنێوان (شەمشی-ئەدەد) و (کوواری-Kuwari) فەرمانڕەوای (شمشارە)[10] کە پێشتر سەر بە فەرمانڕەوای توروکو بوو، چونکە ئەم هاوپەیمانیەتیە شۆڕش و ڕاپەرینێکی گەورەی لە شانشینی توروکو لێکەوتەوە و شۆڕشگێران سەرکەوتوبوون لە کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی کوواری و ئاشوریەکان لە ناوچەی توروکو (جەلال، 2008، ل88-92).

گونجاوی هەرێمی جێنشینەکانی زاگرۆس بۆ بەرژەوەندیە ئابوریەکان، و دراوسێ بوونی لەگەڵ هەریەك لە شانشینەکانی ئاشور و ئەشنۆنا بە بەراورد بە شانشینە ئاموریەکانی دیکە لە سەردەمی بابلی کۆن، فاکتەرێك بووە لە بوونی ئەم هەرێمە بە ناوەندی ململانێی نێوان ئاشور و ئەشنۆنا.

### 2-1: شانشینی ئایسن لە نێوان لارسا و بابل

پێگەی جوگرافی شانشینی (ئایسن)[11] لە ناوەڕاستی هەردوو شانشینەکانی (بابل)[12] و (لارسا)[13] ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە بوونی بە ناوەندێکی ململانێی نێوان بابل و لارسا، بەهۆی نزیکی سنوری سیاسیان، لە دیارترین ڕووداوەکان داگیرکردنی شاری (دامیق-ئیلیشو) بوو (تا ئێستا شوێنەوارەکەی نەدۆزرایتەوە) کە سەر بە قەڵەمڕەوی ئایسن بوو لەلایەن (ریم-سینی یەکەم-Rîm-sîn-1822-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1763پ.ز)ی پادشای لارسا، بەڵام چاوتێبڕینەکانی (سین-موبەلیت-Sîn-muballit-1812-1793پ.ز)ی پادشای بابل بۆ سنوری دەسەڵاتی ئایسن، پاڵنەرێك بوو بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێك بۆ سەر (دامیق-ئیلیشو) و هێزی سەربازی لارسای تیادا دەرکرد و دەستی بەسەر داگرت (الحسین، 2007، ص118).

ئەوەی گرنگە بزانرێت ڕووداوە سیاسیەکانی مێژووی شانشینەکانی ئایسن و لارسا کاریگەریەکی زۆریان هەبووە لە بەرەوپێشچونی هێزی بابل، و دەرکەوتنی بابل لەسەر شانۆی سیاسی لەسەردەمی (حامورابی-Hammurabi-1792-1750پ.ز) (Laessoe, 1963, p33)، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی ئایسن لە لایەن (ریم-سینی یەکەم)، چونکە بەداگیرکردنی ئایسن سنوری لارسا لەگەڵ بابل نزیکبوونەوەی زیاتری بەخۆیەوەبینی و (ریم-سین) توانی سنورێك دابنێت لەبەردەم فراوانبوونی دەسەڵاتی (حامورابی) بەرەو ناوچەکانی باشور، و فاکتەری کاریگەرنەبوونی هەڕەشەکانی (حامورابی) بوو بە ئاڕاستەی باشور و سەرنەکەوتنی بوو لەمیانەی هەڵمەتەکانی (کلینکل، 1990، ص46)، بەمەش لارسا بووبە دوژمنی سەرسەختی بابل و لە کێبڕکێدا بوون بۆ دەستگرتن بەسەر وڵات، بێگومان هەستکردنی (حامورابی) بە بەهێزی لارسا وەك هێزێکی باڵادەست، هۆکارێك بوو بەسود بینین لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ شانشینی (ماری)[14] و یەمخەد (حەلەبی ئێستا) ڕووبەڕووی لارسا ببێتەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا (باقر (وآخرون)، 1987، ص174 ؛ محان، 2011، ص89).

**3-1: عیلامیەکان و کاشیەکان**

هاوسنوری و هەڵکەوتەی جوگرافی (وڵاتی بابل)[15] لەگەڵ (عیلام)[16] و هەوڵدانی بەردەوامی عیلامیەکان بۆ هێرشبردنی سەر ئەم وڵاتە بەتایبەتی لەکاتی بارگرژیە سیاسیەکان، فاکتەرێك بوو بۆ سەرهەڵدانی ململانێ و جەنگی نێوان (کاشیەکان)[17] و عیلامیەکان بە بەراوردی دەوڵەتە زلهێزەکانی نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین (الحسیني، 2004، ص95).

هەربۆیە پادشایانی کاشی بەردەوام هەوڵیانداوە بەرپەرچی هەڕەشەی عیلامیەکان بدەنەوە، هەروەکو سەرهەڵدانی ڕەوشێکی نالەبار لەمیانەی ململانێی نێوان پادشای ئاشوری (ئینلیل-نیراری-Enlil-nerari-1329-1320پ.ز) و پادشای کاشی (کۆریگالزۆی دووەم-Kurigalzu-1332-1308پ.ز) دەرفەتی لەشکرکێشی وڵاتی عیلامی ڕەخساند بۆ سەر وڵاتی بابل (الزبیدي، 2010،

ص34)، بەڵام لە کارەکەیان سەرکەوتو نەبوون، چونکە (کۆریگالزۆی دووەم) توانی ڕووبەڕووی سوپای عیلام ببێتەوە و دەستی گرت بەسەر سوسە و چەند ناوچەیەکی سەر بە قەڵەمڕەوی عیلامیەکان (Hinz, 1972, p111).

بێگومان عیلامیەکان هۆکاری گۆڕانکاری سیاسی بوون بۆ چەندین جار لە (بابل)، هەروەکو داگیرکردنی بابل لە سەردەمی (کاشتلیاشی چوارەم-Kaštiliaš-1225-1232پ.ز) لەلایەن عیلامیەکان ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەستگرتن بەسەر بابل لەلایەن سوپای (ئاشوریەکان) بە سەرکردایەتی (توکولتی-نینورتای یەکەم-Tukulti-Ninurta-1208-1244پ.ز) و پاشەکشەکرا بە عیلامیەکان، بەمەش وڵاتی بابل بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ژێر داگیرکاری ئاشوریەکان دەمێنێتەوە **(أسماعيل، 1997، ص71 ؛ سليمان، 2017، ص85-86)**، هەتا سەرهەڵدانی ڕەوشێکی سیاسی ناهەموار لە کۆشکی پادشایەتی لە (ئاشور) و کوژرانی (توکولتی-نینورتا) لەلایەن کوڕەکەی و ئەمەش بووەهۆی کۆتاییهێنان بە قەڵەمڕەوی ئاشوریەکان لە بابل و سەربەخۆبوونی کاشیەکان (Bryce, 2003, p11).

بەڵام سەربەخۆیی کاشیەکان درێژەی نەکێشا، چونکە عیلامیەکان لە هێرشێکی سەربازی لە سەردەمی (شوتروك-ناخونتی یەکەم-Šutruk-Nahunte-1160-1190پ) توانیان دووبارە بابل داگیربکەن و (کوتیر-ناخونتی-Kutir-Nahunte-1155-1160پ.ز) کوڕی (شوتروك-ناخونتی) بووە فەرمانڕەوای بابل بۆ ماوەی ساڵێك و پاشان کاشیەکان دووبارە دەسەڵات و سەربەخۆییان وەرگرتەوە لە سەردەمی (ئینلیل-نادین-ئاخی-Enlil-nâdin-ahi-1155-1157پ.ز)، کە کۆتاهەمین پادشایان بوو لەگەڵ ئەوەی بەرەنگاری عیلامیەکان بۆوە، بەڵام (شیلهاك-ئینشوشیناك-Šilhak-Inšušinak1125-1155پ.ز)ی پادشای عیلام توانی بە یەکجاری کۆتایی بهێنێت بە دەسەڵاتی کاشیەکان (Mcintosh, 2005, p94-95).

**4-1: ئاشوریەکان و کاشیەکان**

نزیکی هەڵکەوتەی جوگرافیای ئاشوریەکان و کاشیەکان کاریگەری هەبووە لەسەر تایبەتمەندبوونی پەیوەندیە سیاسیەکانیان، کە ئەمەش پەیوەست بوو بە بەهێزی و لاوازی لایەنەکان، بە لاوازبوونی هەر هێزێك پەیوەندیەکان دەگۆڕان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاشیەکان هەمیشە هەوڵیانداوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتێکی ئاشتیانە لەگەڵ ئاشوریەکان پەیرەو بکەن، و بۆ ئەمەش چەند رێکەوتنامەیەك بەستراوە لە نێوانیان بە مەبەستی دیاریکردنی سنور (سلیمان، 2010، ص203)، لەوانەش پەیماننامەی نێوان (پوزور-ئاشوری سێیەم-Puzur-Aššur-1491-1467پ.ز)و (بورنا-بوریاشی یەکەم-Burna-Buriaš-1487-1471پ.ز) کە بە یەکەمین پەیماننامەی نێوان ئاشور و بابل هەژمار دەکرێت (الانباري، 2015، ص97)، پاشان پەیماننامەیەکی دیکە بەسترا لەنێوان (ئاشور-بیل-نیشو-Aššur-bēl-niššu-1411-1403پ.ز) و (کارا-ئینداش-Kara-indas-1407-1391پ.ز) پادشای کاشی، لەم پەیماننامانە سنوری نێوانیان دیاریکراوە. بێگومان بەستنی پەیماننامەکان پەیوەستن بە سەرهەڵدانی ململانێی نێوانیان، دوای ئەنجامدانی زیادەڕۆییەکی زۆری پادشایانی ئاشوری بۆ سەر سنوری دەسەڵاتی کاشیەکان (سلمان، 2007، ص4).

سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕ و بەستنی پەیماننامەی یەکەم، (پوزور-ئاشوری سێیەم) کاتێك بڕیاری لەشکرکێشیدا کە دڵنیا بوو لە بەرقەراربوونی ئاسایشی سنور و دەسەڵاتی لە بەشی رۆژئاوا لەرێگەی ناردنی دیاری بۆ (تحۆتموسی سێیەم-Thoutmos-1469-1418پ.ز) پادشای (بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر)[18] بەهۆی سەرکەوتنی لە یەکێك لە جەنگەکانی دژ بە (میتانیەکان)[19]، چونکە لەم رێگەیەوە هەوڵیدا پاڵپشتی میسر بەدەست بهێنێت دژی چاوتێبڕینەکانی دەوڵەتی میتانی بۆ سەر جوگرافیای سیاسی (وڵاتی ئاشور)[20] (الخليفاوي، 2009، ص246)، سەرەڕای ئەنجامدانی هێرش لە لایەن (پوزور-ئاشوری سێیەم)، بەڵام دابینکردنی سەقامگیری ئابوری فاکتەری نزیك بوونەوەی هەردوولا و بەستنی پەیماننامەی یەکەم بوو (الزبيدي، 2010، ص29).

هەروەها دەربارەی سەرهەڵدانی شەڕ و بەستنی پەیماننامەی دووەم لێکۆڵەران بڕوایان وایە لاوازبوونەوەی دەسەڵاتی میتانیەکان بەسەر وڵاتی ئاشور فاکتەری لەشکرکێشی ئاشوریەکان بووە بۆ سەر (وڵاتی کاردونیاش)[21]، بەڵام تێپەڕبوونی ئاشوریەکان لەم ماوەیە بە قۆناغێکی سیاسی ناسەقامگیر پاڵنەرێکی بەستنی پەیماننامەکە بووە، چونکە سەقامگیری و ئاسایشی سنوریان لەگەڵ کاشیەکان وەکو هێزێکی دیاری ناوچەکە بەهۆی نزیکی جوگرافیای سیاسیان دەبوو بە پاڵپشتێکی گەورەی بەهێزبوونی ئاشوریەکان، هەروەها سەبارەت بە کاشیەکان لەپێناو بەهێزکردنی بنەمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانڕەوایەتیان لە بابل هەوڵیانداوە خۆیان بە دووربگرن لە چوونە ناو ململانێ لەگەڵ ئاشوریەکان (المزوري، 2002، ص43-44).

ئەوەی گرنگە بزانرێت ئاشوریەکان دوای بەخۆوەبینینی گەشەسەندێکی سیاسی لە سەردەمی (ئاشور-ئۆبالیتی یەکەم-Aššur-uballit-1330-1365پ.ز) و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ میسر نیگەرانیەکی زۆریان دروست کرد لەلای (بورنا-بوریاشی دووەم-Burna-Buriaš-1333-1359پ.ز)ی پادشای کاشی (الأعرجي، 2005، ص248-249)، چونکە (ئاشور-ئۆبالیت) دەیویست لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ میسر دەوڵەتێکی بەرفراوان دابمەزرێنێ و کاشیەکان پەراوێز بکات (الامين، 1963، ص527-528)، بەڵام لە دواتر پەیوەندیەکانیان بە ئاڕاستەی دبلۆماسیانە هەنگاوینا و هاوسەرگیری سیاسی ئەنجامدرا لە نێوان کچی (ئاشور-ئۆبالیت) و (بورنا-بوریاشی دووەم)، بێگومان ئەم پەیوەندیە فاکتەری سەرەکی دەست خستنە ناو کاروباری وڵاتی کاردونیاش بوو لەلایەن ئاشوریەکان (Ragozin, 2010, p20).

لەبەرئەوەی لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیریە کوڕێکیان بوو بە ناوی (کارا-خارداش-Kara-hardaš-1333پ.ز) و بوو بە جێنشینی باوکی، بەڵام لەمیانەی پلانگێڕیەك کوژرا و (نازی-بوگاش-Nazi-Bugaš-1333پ.ز) لە شوێنی دانرا، ئەمەش توڕەبوونی (ئاشور-ئۆبالیت)ی لێکەوتەوە و دەستی خستە ناو کاروباری بابل و هەستا بە لادانی (نازی-بوگاش) و (کۆریگالزۆی دووەم)ی نەوەی خۆی کردە پاشای کاشیەکان، دوای مردنی (ئاشور-ئۆبالیت) ململانێ دروست بوو لەنێوان ئەم دوو زەمینە (Mcintosh, 2005, p93)، لەبەرئەوەی (کۆریگالزۆی دووەم) بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نەوەی (ئاشور-ئۆبالیت)ە و کورسی و تەختی ئاشوریەکان بۆ ئەوە، وە دەستیکرد بە فراوانخوازی بۆ سەر سنوری ئاشوریەکان و دەرەنجامەکەشی ڕوودانی جەنگێك بوو لەنێوانیان لە سەردەمی (ئینلیل-نیراری) جێگری (ئاشور-ئۆبالیت) (المزوري، 2002، ص46-47).

بەڵام وادیارە لەپێناو کۆتاییهێنان بە شەڕ و ململانێیەکانیان، پەیماننامەیەکی سنوری بەستراوە لە نێوان (ئینلیل-نیراری) و (کۆریگالزۆی دووەم)، و پاشان پەیماننامەیەکی دیکەی سنوری لەنێوان (ئەدەد-نیراری یەکەم -Adad-nêrârî-1275-1307پ.ز) لەگەڵ پادشایانی کاشی (نازی-

ماروتاش-Nazi-Maruttaš-1307-1282پ.ز) و (کادەشمان-تورگو-Kadašman-Turgu-1281-1264پ.ز) بەستراوە (محان، 2011، ص127-128).

**5-1: میتانیەکان لەنێوان ئاشوریەکان و حیسیەکان**

بەدیارکەوتنی میتانیەکان لەسەر شانۆی سیاسی سەرەڕای ئەوەی بووە ڕێگری لە بەردەم فراوانخوازی ئاشوریەکان، بەڵکو بە داگیرکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی باکوری (میسۆپۆتامیا)[22]، وڵاتی ئاشور بۆ ماوەی سەدەونیوێك بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی میتانی هەتا هاتنی (ئاشور-ئۆباليت) (Bang, Scheidel, 2013, p137)، سەبارەت بە (حیسیەکان)[23] لە سەرەتا خۆیان بە دوورگرت بوو بەرامبەر باڵادەست بوونی میتانیەکان، بەڵام دوای دروستبوونی هەڕەشە لەسەر سنوری حیسیەکان لەمیانەی فراوانخوازی میتانیەکان بەهۆی نزیکی جوگرافیای سیاسیان، هەروەها ڕووبەڕوبوونەوەی حیسیەکان بە کێشە سیاسیەکان، بەهۆی ئامانجە جیۆستراتیژیەکانی میتانیەکان لە باکوری وڵاتی شام، و سەرهەڵدانی ململانێ نێوان میتانی و میسر بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتی شام، دەرکەوتنی حیسیەکانی لێکەوتەوە وەك هێزێکی سەرەکی دژی میتانیەکان و لایەن و هێزی سێیەمی ململانێیەکانی وڵاتی شام (السعدون، 2005، ص74-79).

بەتایبەتی دوای هاتنی (تودخالیای دووەم-Tuthaliya-1425-1390پ.ز) دەستبەرداری سیاسەتی بەرگریکارانە بوون بەرامبەر میتانیەکان، و هەستان بە ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میتانی لە وڵاتی شام و بەتایبەتی سوریا، ململانێ لە نێوانیان بەردەوام بوو هەتا سەرەتای سەردەمی (شوپیلولیومای یەکەم-Šuppiluliuma-1353-1322پ.ز) (أحمد، الهاشمي، د.ت، ص251-256)، چونکە سیاسەتی (شوپیلولیوما) وەچەرخانێکی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت بەرامبەر میتانیەکان دوای کوژرانی (توشراتا-Tušratta )، بەشێوەیەك هەڵدەستێت بە پاڵپشتی کردنی (ماتیوازا-Mattiuaza )ی کوڕی (توشراتا) بەمەبەستی گەڕانەوەی بۆسەر تەختی دەسەڵات (Novak, 2013, p349).

لەبەرئەوەی (ماتیوازا) دوای خۆڕزگارکردنی لە پلانگێڕیەك بۆ کوشتنی هانای برد بۆ (شوپیلولیوما)، و ئەویش یارمەتیدا لە گەڕانەوەی بۆسەر دەسەڵات و لەپاڵ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لە نێوان (ماتیوازا)و کچی (شوپیلولیوما)، پەیماننامەیەك بەسترا لە نێوانیان، وبەپێی پەیماننامەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(شوپیلولیوما) دانینا بە دەسەڵاتی دەوڵەتی میتانی، بە مەرجی ملکەچبوونی (ماتیوازا) بە دەسەڵاتی حیثی (السلماني، 2010، ص139-140)، بێگومان ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە (شوتارنای سێیەم-Šuttarna) لە دەوروبەری دەریاچەی وان لە هەرێمی (ئالشی)[24] فەرمانڕەوایی چەند ناوچەیەکی میتانی دەکرد (مایی، 2019، ص126).

ئەوەی گرنگە بزانرێت هۆکاری بەستنی ئەم پەیوەندیە دبلۆماسیە، پەیوەستە بە دروستبوونی پەیوەندی دۆستانەی (شوتارنای سێیەم) لەگەڵ (ئاشور-ئوبالیت)، کە بوو بە هاوپەیمان و پاڵپشتی ئاشوریەکان، ئەمەش (شوپیلولیوما)ی ناچارکرد بە دوای هەلێك بگەڕێت لەپێناو هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکانی، کە بریتی بوو لە دیاریکردنی پاڵێوراوێکی نوێ بۆ فەرمانڕەوایکردنی دەوڵەتی میتانی دژی (شوتارنای سێیەم)، چونکە پەیوەندیەکەیان بووەهۆی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئاشوریەکان بە ئاڕاستەی ناوچەکانی نزیك فوڕاتی سەروو، و دروستبوونی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندی و سنوری سیاسی حیسیەکان (رضا، 2009، 92-94)، بێگومان ئەم بارودۆخە فاکتەرێك بوو (شوپیلولیوما) دەوڵەتێکی وەك ئاشوری تازە پێگەیشتو بە هەند وەربگرێت، هەربۆیە کاتێك (ماتیوازا) هانای بۆ برد پەنایدا و بڕیاری دا ئەوپەڕی هاوکاری بکات لە گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی دەسەڵاتی میتانی (ساکز، 1979، ص97-98)، بۆئەوەی وەك پاڵێوراوێکی سەر بە دەوڵەتی حیسی لایەنگیری حیسیەکان بکات و ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم فراوانخوازیەکانی دەوڵەتی ئاشوری، و میتانیەکان بکاتە دەوڵەتێکی بەربەست لەنێوان خۆیان و ئاشور و زیاتر دەسەڵاتی خۆی جێگیربکات لە باکوری وڵاتی شام (السعدون، 2005، ص109-110).

## 2- دبلۆماسیەت و جەنگ لە ژێر کاریگەری دووری جوگرافیای سیاسی

بە دووربوونی جوگرافیای سیاسی پەیوەندی و هەڕەشە سیاسیەکان کەمتردەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش زۆرجار بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی دەوڵەتان و دروستکردنی مەترسی بۆسەر سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی دەوروبەری، دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی دەوڵەتە دوورە سنورەکان و بەستنی هاوپەیمانیەتی لەنێوانیان بە ئامانجی بەرگریکردن لە قەڵەمڕەویەکانیان، بەتایبەتی کاتێك دەوڵەتێك لە ناوەڕاستی دوو دەوڵەت بەهێزدەبێت و هەڕەشە لە جوگرافیای سیاسی هەردوو دەوڵەتەکەی دیکە دەکات (نجم، 2017، ص100-150)، بێگومان لێرەشدا ستراتیژیەت و پێگەی جوگرافیای سیاسی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتان کاریگەریان دەبێت لەسەر دروستبوونی پەیوەندی و ململانێیەکان، هەروەها لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان هاوپەیمانیان بەستوە بۆ بەهێزکردنی لایەنێك و بێهێزکردنی لایەنێکی دیکە (سیلیرییە، 1988، ص100).

## 1-2: شانشینەکانی لارسا و ئەشنۆنا

دووربوونی سنوری سیاسی شانشینی لارسا لەگەڵ ئەشنۆنا جۆرێك تایبەتمەندی هەبوو، چونکە دروستبوونی پەیوەندیە سیاسیەکانیان پەیوەست بووە بە کاریگەری هێزەکانی هاوسەردەمیان، هەروەك بەهێزبوونی شانشینی ئایسن و کاریگەری هەڕەشە و لەشکرکێشیەکانی لەسەر سنوری سیاسی هەردوولایەن، فاکتەری بەستنی هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی بوو لە نێوانیان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیان (وهد، 2006، ص81)، ئەم پەیوەندیە دۆستانەی نێوان ئەم دوو شانشینە بەردەوامی بەخۆیەوە بینی لەماوەی فەرمانڕەواییکردنی پادشایانی لارسا (گونگونوم-Gungunum-1932-1906پ.ز) و (ئابی-سارە-Abê-sarê-1895-1905پ.ز)، بەڵام پاشان پەیوەندیەکانیان وەچەرخانی بەخۆوەبینی و بە ئاڕاستەی ململانێ ڕۆیشت (الحسين، 2007، ص87).

بەتایبەتی دوای داگیرکردنی ئایسن لە لایەن (ریم-سینی یەکەم)، چونکە بە داگیرکردنی ئایسن هەڕەشەکانی لارسا زیاتر بوو بۆ سنوری سیاسی ئەشنۆنا، بەشێوەیەك هاوپەیمانی سەربازی بەسترا لە نێوان (شەمشی-ئەدەد) و (ریم-سینی یەکەم) لە هەڵمەتێکی هاوبەش هێرشیان کردە سەر ئەشنۆنا (الزيدي، 2009، ص107-108)، دەتوانین بڵێین بە داگیرکردنی ئایسن لەلایەن لارسا جوگرافیای سیاسی لارسا و ئەشنۆنا نزیکبوونەوەی زیاتری بەخۆیەوەبینی، بەمەش ڕەنگە جۆرە هەڕەشەیەکی لە سنور و دەسەڵاتی (شەمشی-ئەدەد) دروستکردبێت، هەربۆیە ئاشور لەگەڵ لارسا لە پێناو بەرژەوەندیە جیۆستراتیژیەکانیان هاوپەیمانی سەربازیان بەستوە.

وادیارە دەرکەوتنی بابل وەك هێزێکی سەرەکی لە سەردەمی (حامورابی) ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە دروستکردنی بەربەست و کاریگەرنەبوونی فراوانخوازییەکانی (ریم-سینی یەکەم) بۆسەر ئەشنۆنا، بەمەش پەیوەندیەکانی لارسا و ئەشنۆنا لە سەردەمی (ریم-سینی یەکەم) و (ئیبال-پی-ئیلی دووەم-Ibâl-Pî-El-1765-1779پ.ز) بەهۆی هەستکردن بە مەترسی و دڵنیا نەبوون لە سەقامگیری جوگرافیای سیاسیان لە ئەگەری هەر هێرشێکی لەناکاوی (حامورابی) بەرەو قۆناغێکی ئاشتەوایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆیشت (الزيدي، 2009، ص109)، لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لەشکرکێشیەکانی لارسا بە ئاڕاستەی باکوری میسۆپۆتامیا و جوگرافیای سیاسی ئەشنۆنا کەوتبووە ژێرکاریگەری بەهێزبوون و بێهێزبوونی ئایسن و بابل، چونکە وەکو بەربەستێك کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاڕاستەی ڕووداوەکان.

**2-2: شانشینەکانی ئاشور و بابل لەگەڵ وڵاتی عیلام**

دووری جوگرافیای سیاسی نێوان (ئاشور) و (عیلام) فاکتەری نەبوونی هیچ پەیوەندیەکی دبلۆماسی و جەنگی بووە لە نێوانیان، بە بەراوردی ئەم پەیوەندیەی هەبووە لە نێوان شانشینە ئاموریەکانی دیکە لەگەڵ عیلام، فاکتەری ئەمەش بایەخدانی زیاتری پادشای ئاشور بوو بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم شانشینانەی هاوسنوری بوون، هەروەها بوونی چەند هێزێکی سەرەکی و باڵادەست بە تایبەتی ئەشنۆنا و بابل ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە دووربوونی جوگرافیای سیاسی شانشینی ئاشور لەگەڵ عیلام (سليمان، 2017، ص84).

هەروەها سەبارەت بە بابل دووربوونی سنورە سیاسیەکەی لە عیلام پێش هاتنی (حاموڕابی) کاریگەری هەبوو لە نەبوونی پەیوەندی سیاسی نێوان هەردوو لایەن، چونکە فراوانخوازی پادشاکانی بابل نەگەیشتبووە ئاستی نزیك بوونەوەی سنوریان لەگەڵ عیلام، و دروستکردنی هەڕەشەی سیاسی لە سنوری سیاسی عیلام، ئەمەش بەهۆی زیاتر بایەخدانیان بە دەوروبەری بابل، بەڵام بە هاتنی (حاموڕابی) و فراوانخوازیەکانی بۆ نزیك سنوری عیلام پەیوەندیەکانیان گۆڕانی بەخۆیەوە بینی و جەنگ و ململانێی لێکەوتەوە (وهد، 2006، ص168-170).

**3-2: میتانیەکان و بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر**

فراوانبوونی سنوری میتانیەکان و پاڵپشتیکردنی شۆڕشگێران لە وڵاتی شام فاکتەری ئەنجامدانی چەند لەشکرکێشیەکی (تحوتموسی سێیەم) بوو بۆسەر وڵاتی شام، بە تایبەتی ناوچە سنوریەکانی دەوڵەتی میتانی لە سوریا لەپاڵ بەدەستهێنانی چەند سەرکەوتنێکی سەربازی، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بهێنێت بە دەسەڵاتی میتانیەکان (البربری، 2004، ص111 ؛ Novak, 2013, p348)، بەهۆی بەهێزبوونەوەیان لە سەردەمی (شاوشتاتار-Šauštatar)، ئەمەش (تحوتموسی سێیەم)ی ناچارکرد پەیماننامە ببەستێ لەگەڵ (شاوشتاتار)، چونکە هەستیکرد ناتوانێت میتانیەکان ملکەچی خۆی بکات

بەهۆی دووری جوگرافیای سیاسی دەوڵەتی میتانی، کە فاکتەرێك بوو بۆ دروستکردنی بەربەست و ئەستەم گەیاندنی پێداویستیە سەربازیەکانیان، هەربۆیە لەرێگەی پەیماننامەییەك سنوری نێوانیان دیاریکرا بەشێوەیەك بەشی باکوری سوریا بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی میتانی، وە بەشی باشوری کەوتە ژێردەسەڵاتی میسر، بەڵام ئەم پەیماننامەیە بەردەوام نەبوو، دووبارە ململانێ سەریهەڵدایەوە هەتا هاتنی (ئەرتاتامای یەکەم-Artatama) (علی، 2008، ص151-158 ؛ الخلیل، 2013، ص111-115).

لە دیارترین هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندی دبلۆماسیەت لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، بریتی بوو لە دەرکەوتنی حیسیەکان، وەکو هێزێکی سیاسی نوێ و هەرەشە ئامێز بۆسەر ئەم ناوچانەی ململانێیان لەسەر بوو لە نێوان هەردوو لایەن، هەروەها پەیوەست بوو بە نزیکی سنوری سیاسی میتانی و حیسی (رو، ب.س، ص345)، چونکە (ئەمینحۆتیپی دووەم-Amenhotep-1420-1392پ.ز) بڕوای وابوو میتانیەکان دەتوانن بەرپرسیاریەتی رێگریکردن لە فراوانخوازی حیسیەکان بگرنە ئەستۆ، بەهۆی نزیکی جوگرافیای سیاسیان لە دەوڵەتی حیسی، بە بەراورد بە دووری جوگرافیای سیاسی میسر لەگەڵ دەوڵەتی حیسی، و هەستکردن بە مەترسی لەلایەن میتانیەکان بەهۆی نزیك بوونەوەی حیسیەکان لە میسر لەرێگەی ناردنی دیاری لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایکردنی (تحۆتموسی سێیەم)، بە ئامانجی کردنی میسر بە هاوپەیمانی خۆیان دژی میتانی و دوورخستنەوەی مەترسی لە سەر سنوری سیاسیان، پاڵنەرێکی دیکەی سەرەکی بوو (ئەرتاتامای یەکەم) پەیوەندی دبلۆماسی ببەستێ لەگەڵ (ئەمینحۆتیپی دووەم) (رضا، 2009، ص79).

بەشێوەیەك هاوسەرگیری سیاسی ئەنجامدرا لە نێوان کچی (ئەرتاتاما)بە ناوی (موت-ئوم-ویا-Mut-um-uya) لەگەڵ (تحۆتموسی چوارەم-Thoutmos -1392-1383پ.ز)، لەم شازادە میتانیە (ئەمینحۆتیپی سێیەم-Amenhotep-1383-1345پ.ز) لەدایك بووە (علی، 2008، ص190)، هەرچەندە ئەم هاوسەرگیریە شتێکی نوێ نەبوو سەبارەت بە میسریەکان، چونکە (تحۆتموسی سێیەم) هاوسەرگیری ئەنجام دابوو لەگەڵ چەند شازادەیەکی سوریا، بەڵام ئەوەی کە جیاواز و نوێیە و بە خاڵێکی جیاکەرەوە هەژماردەکرێت دەربارەی (موت-ئوم-ویا)ی میتانی ئەوەیە کە لە هاوسەرە سەرەکیەکانی پادشای میسر بووە لەناو کۆشك (البربری، 2004، ص117).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشان لە سەردەمی (شوتارنای دووەم-Šuttarna) بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندیەکان کچی خۆی (کیلۆ-خیپا-Killu-Ḫepa) بەمەبەستی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ (ئەمینحۆتیپی سێیەم)، لەگەڵ (317) خزمەتکار بە دیاری ناردنی بۆ پادشای میسر، ئەوەی گرنگە لێرەدا (ئەمنحوتبی چوارەم-Amenhotep-1340-1356پ.ز)، کە ناسراوە بە (ئەخناتون) کوڕی (کیلۆ-خیپا)یە (مارف، 2013، ل79-80)، هەروەها پاشان (توشراتا) بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی پەیوەندیەکەی لەگەڵ میسر (تادو-خیپا-Tadu-Ḫepa)ی کچی ناسراوە بە (نەفرتیتی) دەنێرێت بۆ (ئەمینحۆتیپی سێیەم)، بەڵام دوای مردنی (ئەمینحۆتیپی سێیەم) دەبێتە هاوسەری (ئەمینحۆتیپی چوارەم) (مەندەلاوی، 2012، ل137-138).

بۆمان ڕوون دەبێتەوە شازادە میتانیەکان پلەوپایەکی بەرزیان هەبووە لای پادشا میسریەکان، چونکە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن کوڕانی شاژنە میتانیەکان ئەوە دەردەخات کە ئەم شاژنانە کاریگەریان هەبووە لەسەر لایەنی سیاسی میسر، بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت دەکەن پادشاکان بیروبۆچونەکانی ئەوانیان لا پەسەند بووە بە بەراورد بە هاوسەرەکانی تریان لەبەرئەوەی هەر پادشایەك خاوەنی چەند هاوسەرێك بووە کە لە ناویان ئافرەتی بیانی بێجگە لە میتانی بوونی هەبووە.

لەگەڵ ئەوەی خەریکبوونی (ئەمینحۆتیپی چوارەم)، بە (شۆڕشی ئایینی)[25] فاکتەرێك بوو بۆ تێکچونی پەیوەندی نێوان میسر و میتانی، لە کۆتاییەکانی ماوەی فەرمانڕەوایی (توشراتا) (السلماني، 2010، ص131)، بەڵام بەرتەسکبوونەوەی جوگرافیای سیاسی میتانیەکان، بەهۆی لەدەستدانی بەشێکی گرنگی ناوچە قەڵەمڕەویەکانیان لەمیانەی لەشکرکێشیە سەربازیەکانی (شوپیلولیومای یەکەم)، ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە گرنگی نەدانی (ئەمینحۆتیپی چوارەم) بە دەوڵەتی میتانی، چونکە بووەهۆی لاوازبوونی پێگەی دەوڵەتی میتانی وەك هێزێکی سەرەکی وڵاتی شام (ڤێلهێلم، 2009، ل82-83).

### 4-2: کاشیەکان و حیسیەکان

پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی داگیرکردنی بابل لە لایەن حیسیەکان، و فاکتەرێك بوون بۆ گەیشتنی کاشیەکان بۆ سەر دەسەڵاتی بابل. یەکەمین پەیوەندی دبلۆماسیانەی نێوانیان لە سەردەمی فەرمانڕەوایکردنی (بورنا-بوریاشی دووەم) بووە، کە هاوسەرگیری سیاسی

ئەنجامدراوە لە نێوان شازادەی کاشی و (شوپیلولیومای یەکەم) (صادق، احمد، 2018، ص186)، ڕەنگە بەهێزبوون و بەرژەوەندیە جیۆستراتیژییەکانی (ئاشور-ئۆبالیت) پاڵنەری سەرەکی بەستنی پەیماننامەکە بووبێت، چونکە مەترسی لەسەر جوگرافیای سیاسی و ئابوری کاشیەکان و حیسیەکان دروستکردبوو.

پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەشێوەیەکی گشتی دۆستانە بووە، بەڵام ڕێگریکردن لە فراوانخوازی جوگرافی و بەرەوپێشچوونی هێزی سیاسی ئاشوریەکان، فاکتەرێك بوو بۆ زیاتر بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان کاشیەکان و حیسیەکان لە سەردەمی (کادەشمان-تورگو) و (خاتوشیلی سێیەم-Ḫattusili-1268-1241پ.ز)ی پادشای حیسی، لەبەرئەوەی ئامانجەکانی (ئەدەد-نیراری یەکەم) هەڕەشە بووە بۆسەر بەرژەوەندی هەردوو لایەن (برغش، کاطع، 2018، ص431)، بە تایبەتی کاشیەکان بەهۆی نزیکی سنوری جوگرافیای سیاسیان (المزوري، 2002، ص37)، هەروەها هۆکاری سەرەکی تایبەت بە حیسیەکان بیرکردنەوەی (ئەدەد-نیراری) بوو، بەشێوەیەك لە نامەیەکیدا خۆی دەهێنێتە ڕێز و هاوشانی (خاتوشیلی سێیەم) و بە برای خۆی ناوی دەهێنێ، دوای سەرکەوتنی بەسەر هێزی هاوپەیمانانی (خاتوشیلی سێیەم) و (واساشاتا-Wasašatta)ی پادشای میتانی، بەڵام (خاتوشیلی) لە نامەیەك بۆی دەنوسێت "بۆچی بۆت بنوسم برا... ئایا ئێمە لەیەك دایك و باوك لە دایك بووینە..."، هەرچەندە ئەم وەڵامدانەوەیە ئاماژەیەکە پادشای حیسی ئاشوریەکانی وەکو هێزێکی شکۆمەند و گەورە سەیر نەکردووە (ساكز، 1999، ص75 ؛ الانباري، 2015، ص123)، بەڵام وادیارە هەستکردنی بە هەڕەشە و مەترسی لەشکرکێشیەکانی (ئەدەد-نیرای) و بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشوریەکان، هەستا بە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کاشیەکان و پەیوەندی دبلۆماسی بەست لەگەڵ (کادەشمان-تورگو) (Bryce, 2003, p15).

لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیوەندیە بە هاتنی (کادەشمان- ئینلیلی دووەم-Kadašman-Enlil-1263-1255پ.ز) بەرەو لاوازی هەنگاوینا، بەهۆی دەستوەردانی وەزیری کاشی (ئیتی-مردۆخ-بلاتو) لە کاروباری وڵات و سوربوونی لە کۆتایهێنان بە پەیوەندی لەگەڵ حیسیەکان، چونکە لەم بڕوایەدا بوو پادشای حیسی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەوڵ دەدات وڵاتی بابل توشی شەڕبکات لەگەڵ ئاشوریەکان و پاشان سود لە ململانێی نێوانیان وەربگرێت، هەربۆیە وەزیر بە پێچەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ویستی حیسیەکان هەستا بە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتی ئاشور لە سەردەمی (شەلمەنەصەری یەکەم-Šalmanasar-1274-1245پ.ز)، بەتایبەتی دوای هەستکردن بە هەڕەشە و مەترسی عیلامیەکان (فرحان، 1976، ص54-55)، بەڵام پادشای حیسی بەردەوام لە هەوڵدابوو بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ (کادەشمان-ئینلیل) لەڕێگەی بە بیرهێنانەوەی ئەم پەیوەندیەی کە هەیبووە لەگەڵ باوکی (الحسيني، 2004، ص67-68).

بێگومان هەوڵەکانی لەپێناو هاندانی پادشای کاشی بۆ هێرش بردنە سەر ئاشوریەکان و لەناوبردنیان بووە، بۆئەوەی کۆتایی بهێنێت بە مەترسی ئاشوریەکان لە سەر سنوری جوگرافیای حیسیەکان، بەڵام هەوڵەکانی پادشای حیسی هیچ ئەنجامێکی نەبوو (صادق، احمد، 2018، ص187)، هەتاوەکو دووچاربوونی کاروانێکی بازرگانی بابلیەکان بە تاڵان و کوشتن لە (ئوغاريت)[26]، کە سەر بە قەڵەمڕەوی حیسیەکان بوو، بەشێوەیەك (کادەشمان-ئینلیل) نامەیەکی گلەیی ئامێزی ئاڕاستەی پادشای حیسی کرد و (خاتوشیلی سێیەم) بەڵێنی پێدا بەرپرسیاریەتی بازرگانانی بابلی لەسەر زەوی وڵاتەکەی لە ئەستۆبگرێت، بەمەش پەیوەندیەکانیان نەك تەنها لە چوارچێوەیەکی سیاسی و ئابوری، بەڵکو لەلایەنی کاریگەری شارستانیەتی بە ئاڕاستەی بەهێزبوون هەنگاوینا، کەواتە پاراستنی کاروانە بازرگانیەکانی بابل لە ناوچە قەڵەمڕەویەکانی دەوڵەتی حیسی پەیوەندیەکانی ئەم دوو دەوڵەتەی بە ئاڕاستەی ئاشتەوایی برد (برغش، كاطع، 2018، ص436-437).

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

1- دووری و نزیکی جوگرافیای سیاسی لە کاتێکدا کاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستەی پەیوەندیە سیاسیەکان، کە چەند هێزێکی باڵادەست و خاوەن ناوەندێکی بەهێزی هاوسەردەمیانە بوونیان هەبووبێت، چونکە بە نەبوونی باڵادەستێکی هاوشێوە هیچ گۆڕانکاریەکی سیاسی ڕوونادات.

2- سەرەڕای هەبوونی جەنگ وململانێ لەژێر کاریگەری فراوانخوازی و بەرژەوەندیە ئابوریەکان لە نێوان دەوڵەتانی هاوسنور، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی هەریەکێك لە دەوڵەتەکان بە کێشەی سیاسی و دروستبوونی هەڕەشە لەسەر ناوچە قەڵەمڕەویەکانی لە بەرەیەکی دیکە، زۆرجار پاڵنەرێك بووە بۆ هەنگاونانی پەیوەندی دەوڵەتەکان بە ئاراستەی ئاشتەوایی، بە ئامانجی کەمکردنەوەی مەترسی بەرامبەر لایەنی سێیەم.

3- بەرقەرارکردنی ئاسایشی سنوری بەرامبەر هێزێکی باڵادەست، لە هەموو دیاردەکان زیاتر کاریگەری هەبووە لەسەر سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە دبلۆماسیەکان، بەتایبەتی لەنێوان دوو دەوڵەتی دوژمن.

4- لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی حیسیەکان و بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گۆڕانکاریە سیاسیەکان لە میسۆپۆتامیا، بەتایبەتی میسر، چونکە زۆربەی دەوڵەتان لە کێبڕکێ بوونە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ میسر، لەپێناو مانەوە و بەهێزکردنی سەنگی دەسەڵاتیان.

5- ئامانجی سەرەکی هەندێك لە پەیوەندیە دبلۆماسیەکان، بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ سودوەرگرتن لەم پەیمانامەیە لەلایەن یەکێك لە دەوڵەتەکان، بەشێوەیەك ئەم دەوڵەتە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی و هاندانی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دژی هێزێکی دیکەی هاوسەردەم، ویستویەتی مەترسیەکانی ئەم هێزە دووربخاتەوە لەسەر جوگرافیا سیاسیەکەی.

6- هاوسەرگیریە سیاسیەکان زۆرجار کاریگەریان هەبووە لە دروستکردنی هاوپەیمانی سیاسی و بەرگریکردن لە یەکتر لەنێوان جوگرافیاسیاسیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەراوێزەکان

(1) **ئەشنۆنا:** (تل أسمر)ی ئێستا ناوەندی ئەشنۆنا بووە و بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی دیالە لە نێوان ڕووباری دیجلە لە ڕۆژئاوا و چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، و لە سەردەمی بابلی کۆن وەك ناوەندی شانشینێکی بەهێز بەدیارکەوت (فرنسیس، 2017، ص77-78).

(2) **وڵاتی سوبارتۆ**: ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە ناوی سوباریەکان، کە دێرینترین نەتەوەی نیشتەجێبووی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسن، لەدەقە مێخیەکان بە(su-bir –Subartu...هتد)، دیاریکردنی سنوری سیاسی و جوگرافی وڵاتی سوبارتۆ ئەستەمە بەهۆی دیارینەکردنی لەمیانەی ئاماژەپێدان بەم وڵاتە، بەڵام بەگوێرەی نوسراوەکان سوبارتۆ واتای وڵاتێکی فراوانی دەگەیاند و هەموو ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیا و وڵاتی ئاشوری **دەگرتەخۆ** (Gelb, 1973, pp1-35).

(3) **سیماشکی**:دەکەوێتە بەشی باکوری سوسە لە ناوچەی (خورام ئاباد)ی ئێستا لە لورستان (Hinz, 1972, p81).

(4) **ئاشور**: یەکەمین پایتەختی دەوڵەتی ئاشوری بوو، ئێستا ناسراوە بە (قلعة الشرقاط)، دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری دیجلە بە دووری (120)کم لە باشوری موسڵ، ئاماژەپێکراوە لە نوسراوە مێخیەکان بە شێوەی (A-šu-ur)، ($A\text{-}šur^{ki}$)، (Ašur)، (Aš-šur) (توفیق، 2008، ص92 ؛ فرنسیس, 2017, ص78-79).

(5) **شانشینی توروکو**: توروکو هۆزێکی خوری بوون و شانشینەکەیان وەك هێزێکی سەرەکی دەسەڵاتیان ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی ڕانیەی دەگرتەخۆ و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە ڕووداوە سیاسیەکانی ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Ahmed, 2012, P350-364).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(6) **ئاشوریەکان:** هۆزێکن لە عەرەبە دێرینەکان (جزریەکان)، دوای کۆچکردنیان لە دوورگەی عەرەبی لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینی، بۆ ماوەیەکی کاتی لە کەناراوەکانی ڕووباری بالیخ نیشتەجێبوون، پاشان هاتن بەرەو باکوری میسۆپۆتامیا، و ڕۆڵێکی سەرەکیان بینیوە لە فەرمانڕەواییکردنی میسۆپۆتامیا، لێکۆڵەران مێژووی ئاشوریەکانیان دابەشکردووە بەسەر سێ ماوە، ئەوانیش سەردەمەکانی (ئاشوری کۆن2000-1595پ.ز)، (ئاشوری ناوەڕاست1595-911پ.ز)، (ئاشوری نوێ911-612پ.ز). بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Olmstead, 1960).

(7) **ئیکلاتوم**: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە نزيك شاری ئاشور، پاشماوەکەی لە ئێستا بە (تل هیکل) ناسراوە (Hallo, 1964, p72).

(8) **شانشینی قەبارا**: شوێنی جوگرافی تەواو نازانرێت، بەڵام بەگوێرەی زۆرینەی بیروبۆچونەکان دڵنیایی دەکەنەوە لەوەی دەکەوێتە نێوان زێی سەرو و خواروو، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (الجبوري، 2018).

(9) **ئارابخا:** ئەم شارە کەرکوکی ئێستا دەگرێتەوە بەتایبەتی گردە شوێنەواریەکانی ناوچەی عەرفە بە دووری (3)کم لە باکوری ڕۆژئاوای (قەڵای کەرکوك)، بنچینەی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ( Uru Arba-ḫa) و (Limmu$_2$-ḫa) واتای (چوارماسی) دەگەیەنێت، وەك پایتەختێکی سیاسی هەڵبژێردرا لەلایەن گوتیەکان (النجار، 2011، ص9-22).

(10) **شمشارە**: واتا شاری (شوشارا)، شوێنەوارەکەی لە ئێستادا ناسراوە بە (تل شمشارة) و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ڕانیە، ژمارەیەکی زۆر نوسراوی مێخی تێدا دۆزرایتەوە و بەڵگەی گرنگن سەبارەت بە مێژووی جێنشینەکانی زاگرۆس، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Ahmed, 2012, Pp366-387).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(11) **ئایسن**: دەکەوێتە دووری (28)کم لە باشوری ڕۆژئاوای شاری نیپور و شوێنەوارەکەی ناسراوە بە (أيشان بحريات)، لەژێر ناوی (IN-si-in، Insin، Isin...هتد) ئاماژەی پێکراوە، ڕۆڵێکی گرنگی بینی وەکو ناوەندێکی سیاسی لە سەردەمی بابلی کۆن (الحسيني، 2004، ص14-19).

(12) **بابل**: دەکەوێتە دووری (90)کم لە باشوری بەغداد، ناوەکانی بابل پێیناسرابوو بریتین لە (کا-دنگەر-را) بە شێوەزاری سۆمەری، وە (باب-ئیلو) یان (باب-ئیلی) بە شێوەزاری بابلی، و (باب- ئیل) لە زمانی عبری واتای (دەرگای- خواوەند) دەگەیەنێت، بوو بە پایتەختی سیاسی وڵات لەسەردەمی بنەماڵەی یەکەمی بابل (باقر، 1959، ص2 ؛ روتن، 1984، ص27-28).

(13) **لارسا**: شوێنەواری ئەم شارە (تل السنكرة)ی ئێستایە بەدووری (70) کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری ناسریە، ئاماژەی پێکراوە بە شێوەی (La-ar-sa، Larsa، Ellasar ...هتد)، وەك ناوەندێکی سیاسی و شانشینێکی بەهێز پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە سەردەمی بابلی کۆن (الحسين، 2007، ص21-26).

(14) **ماری**: دەکەوێتە دووری (11)کم لە شاری (ئەلبوکەمال)ی سەر سنوری سوریا و پاشماوەکەی لە ئێستا ناسراوە بە (تل الحريرى)، پێگەیەکی گرنگی هەبووە وەکو ناوەندێکی ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان وڵاتی بابل و باکوری وڵاتی سوریا، و وابەستەبوونی ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی بە دەریای ناوەڕاست (معضد، 2016، ص303).

(15) **وڵاتی بابل**: بەشی ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا واتا وڵاتی سۆمەر و ئەکەد دەگرێتەوە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوونوسانی یۆنانی و ڕۆمانی بە تایبەتی (هیرۆدۆتس) بە شێوەی (بابیلونیا- Babylonia) ئاماژەی پێکردووە (باقر، 2012، ص23).

(16) **وڵاتی عیلام**: ئەوپەڕی باشور و باشوری ڕۆژئاوای ئێران دەگرێتەوە و خاکەکەی بە درێژبوونەوەیەکی سروشتی دەشتی نیشتەنی میسۆپۆتامیا دادەنرێت، شاری (سوسە) پایتەختی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، و عیلامیەكان وەك دێرینترین نەتەوە دێنە هەژمار لە مێژووی ئێرانی كۆن كە فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەیان كردووە، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Hinz, 1972).

(17) **كاشیەكان**: نەتەوەیەكن لە نەتەوە نیشتەجێبووەكانی زنجیرە چیاكانی زاگرۆس، و پێكهاتەی گەلی كوردی ئەمڕۆن، دەبارەی ناو و بنچینەیان بیروبۆچونی جیاواز هەیە، لە كۆتاییەكانی فەرمانڕەواییكردنی بنەماڵەی یەكەمی بابل، بەسودبینین لەم ڕەوشە ناهەموارەی وڵاتی بابلی گرتبۆوە، توانیان فەرمانڕەوایی بابل بگرنەدەست لە (1595-1162پ.ز)، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (المزوري، 2002).

(18) **بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر**: بنەماڵەی هەژدەهەمی میسر: ماوەی فەرمانڕەواییكردنیان ناونراوە بە (سەردەمی ئیمپراتۆریەت)، بە كۆتایهاتنی دەسەڵاتی هكسۆس فەرمانڕەوایی وڵات دەگرنە دەست لە (1550-1295پ.ز)، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (البربری، 2004، ص104-105).

(19) میتانیەكان: نەتەوەیەكی دیكەی پێكهاتەی گەلی كوردی ئەمڕۆن، و لەماوەی فەرمانڕەواییكردنیان (1550-1365پ.ز)، ڕۆڵێكی باڵایان هەبووە لەسەر شانۆی سیاسی ڕووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی نزیكی كۆن، دەربارەی ڕەگەز و ناویان بیروڕای جیاواز هەیە، بەهۆی ڕووبەڕووبوونەی بە بارودۆخێكی سیاسی ناهەموار، كۆتاییهات بە دەسەڵاتیان لەلایەن ئاشوریەكان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (السلماني، 2010).

(20) **وڵاتی ئاشور**: بەشی باكور وباكوری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا دەگرێتەوە، سنورەكەی تاڕادەیەك هاوشێوەیە لەگەڵ وڵاتی سوبارتۆ بەشێوەیەك لە بەشی باكورو باكوری ڕۆژهەڵات زنجیرە چیاكان وبەشی باشور وڵاتی بابل سنورە سروشتیەكەیان دیاری كردبوو، بەڵام لەبەشی ڕۆژئاوا سنورێكی جیاكەرەوی نەبووە لەگەڵ هەرێمەكانی دوورگەی فورات، هەریەك لە شارەكانی (ئاشور، نەینەوا، كالح،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دورشروكين) پايتەختى ئەم وڵاتە بوون، وە (ئەربيل، ئارابخا) لە ديارترين شارەكانى بوون (المهنا، 2005، ص1-19).

(21) **وڵاتی کاردونیاش:** زاراوەيەكى جوگرافى و گوزارشت بوو بۆ وڵاتى بابل و بەكارهێنرا لە ماوەى فەرمانڕەواييكردنى كاشيەكان، (كار) واتا وڵات (دونياش) ناوى يەك لە خواوەندەكانى كاشى بوو، كەواتە ماناى (وڵاتى خواوەند دونياش) دەگەيەنێت، سنورى جوگرافياكەى ناوچەكانى كەركوك لە باكور هەتا زەوى دەريا لە باشورى ميسۆپۆتاميا دەگرێتەخۆ (المزوري، 2002، ص28).

(22) **زاراوەی میسۆپۆتامیا:** (Mesopotamia) زاراوەيەكى يۆنانيە و وەرگێردراوى وشەى (ئارام نەهرايم)ە، مێژووى بەكارهێنانى دەگەڕێتەوە بۆ سەدەى چوارەمى پێش زايينى دواى ئەوەى (تەوڕات) وەرگێردرا بۆ سەر زمانى يۆنانى، هەرچەندە ئەم وشەى (ئارام نەهرايم)ە كە لە تەوڕات ئاماژەى پێكرابوو واتا (وڵاتى نێوان دوو ڕووبار) مەبەستى ناوچەكانى نێوان ڕووبارەكانى ديجلە و فوڕات نەبووە، بەڵكو مەبەستى هەرێمەكانى نێوان ڕووبارەكانى (خابور و باليخ) يان (خابور و فوڕات)، وە يان هەردوو ڕووبارى خابور و باليخ لەگەڵ فوڕات بووە، بەڵام پاشان جوگرافيناسان و مێژووناسانى يۆنانى ورۆمانى ئەم زاراوەيان بەكارهێنا بۆ ناوچەكانى نێوان ديجلە و فوڕات، پاشان بەهۆى بەربڵاوبوونى بەكارهێنانى ئەم زاراوەيە بەكارهێنرا بۆ ناوچەكانى عيراق بە گشتى لە بەشى باكور تا باشورى وڵات (سليمان، 2010، ص16-17 ؛ باقر، 2012، ص24-25).

(23) **حیسیەکان:** حيثيەكان: لقێكن سەر بە نەتەوەى هندۆئەوروپى، دواى كۆچكردنيان لە ناوچەكانى قەوقاز لە سەرەتاى هەزارەى دووەمى پێش زايين ڕوويانكردە ئەنادۆل، دواتر لە (1650پ.ز) فەرمانڕەوايى وڵاتيان وەرگرت و ڕۆڵى گرنگيان بينى لە ڕووداوە سياسيەكانى ڕۆژهەڵاتى نزيكى كۆن. بەهۆى چەند هۆكارێكى نێوخۆيى و دەرەكى دەسەڵاتيان لە (1180-800پ.ز) بە ماوەيەكى تاريكى لە چوارچێوەى چەند شانشينێكى بچوك تێپەڕبوو تاوەكو لە لايەن پادشايانى ئاشورى بەيەكجارى كۆتاييان پێهات، بۆ زانيارى زياتر دەڕوانرێتە: (الصالحي، 2011).

(24) **ئالشی**: دەکەوێتە بەرزاییەکانی دیجلە، لە ڕۆژئاوای دەریاچەی وان (السلماني، 2010، ص71).

(25) **شۆڕشی ئایینی ئەمینحۆتیپی چوارەم:** بریتی بوو لە بانگەشەی یەکتاپەرستی و پەرستنی یەک خواوەند ئەویش (خواوەند ئاتون) خواوەندی ڕۆژ، ئەمەش دژی ویستی گەلی میسر و بەتایبەتی کاهینەکانی خواوەند (ئامون) بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمینحۆتیپ سوربوو لەسەر جێبەجێکردنی بنەمای بیروباوەڕی ئایینە نوێکەی، بەڵام دوای مردنی خەڵك گەڕانەوە سەر ئایینی پێشوی خۆیان، **بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە:** (مسعود، 2009).

(26) **ئۆغاریت**: یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کەنعانی، شوێنەکەی (تل رأس شمرا)ی ئێستایە دەکەوێتە باکوری شاری لازقیە لە کەناراوەکانی دەریای ناوڕاست، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (ناجي، 2009).

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

1- ڤێلهێلم: گێرنۆت (2009) شارستانییەت و مێژووی خوورییەکان: یەکێك لە نەتەوەکانی کوردستانی کۆن، و: ئارام جەلال حەسەن هەمەوەندی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

2- مارف: عومەر ئیسماعیل (2013) تۆمارەکانی مێژوو: مێژوو و بەسەرهاتی بەشێك لە شارستانییەتە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

3- جەلال: کامەران کوێخا (2008) مێژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا: توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، ئابوورییە، چاپخانەی خانی، هەولێر.

4- مەندەلاوی: محەمەد مەحمود (2012) مێژوو و شارستانیەتی کورد، و: محەمەد وەسمان، ب.چ، ب.ش.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

5- اسماعیل: حلمی محروس( 1997) الشرق العربی القدیم و حضاراتە (بلاد مابین النهرین و الشام و الجزیرة العربیة القدیمة)، مؤسسة شباب الجامعة، الاسکندریة.

6- أحمد: سامی سعید، الهاشمي: رضا جواد (ب.س) تاریخ الشرق الادنی القدیم: ایران والاناضول، د.ط، بغداد.

7- البربری: أحمد محمد (2004) تاریخ مصر القدیمة و مواقعها الأثریة، مطبعة جامعة عین شمس، القاهیرة.

8- برغش: سعدون عبدالهادي، كاطع: أشواق إبراهيم (2018) علاقات الملك الحثي حاتوشيلي الثالث (1267-1237ق.م) مع بلاد بابل، مجلة كلية التربية، العدد33، تشرين الثاني، ص427-440.
9- توفيق: قيس حازم (2008) العواصم الآشورية: دراسة تاريخية في طبيعة المدينة الآشورية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
10- رضا: حلمي رسول (2009) المملكة الميتانية: 1550؟-1365ق.م، دراسة (تاريخية-سياسية)، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة كويه، كلية العلوم الإجتماعية.
11- رو: جورج، العراق القديم (ب.س) ت: حسين علوان حسين، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد.
12- روتن: مارغريت (1984) تاريخ بابل، ت: زينة عازار، ميشال ابي فاضل، ط2، منشورات عويدات، بيروت.
ساكز: هارى
13- (1979) عظمة بابل: موجز حضارة وادي دجلة والفرات القديمة، ت: عامر سليمان، د.ط، د.م.
14- (1999) قوة آشور، ت: عامرسليمان، مطبع المجمع العلمى، بغداد.
15- سلمان: كاظم جبر (2007) العلاقات السياسية بين بابل وآشور من بداية العصر البابلي الوسيط وحتى نهاية الإمبراطورية الآشورية (1595-612 ق.م)، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد2، العدد10، ص1-28.
16- سليمان: عامر (2010) العراق في التاريخ القديم: موجز التاريخ السياسي، لدار ابن الأثير للطباعة والنشر، موصل.
17- الجبوري: سالم يحيى (2018) سقوط مملكة قبارا: الاسباب والنتائج، مجلة الآداب، العدد125، حزيران، ص197-212.
18- الخليل: أحمد محمود (2013) تاريخ مملكة ميتاني الحورية، مطبعة موكريانى، أربيل.
19- الزيدي: نعيم عوده صفر (2009) الملك ريم-سين الأول: 1822-1763ق.م (دراسة تاريخية و حضارية)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
20- الشاعري: صالح يحيى (2006) تسوية النزاعات الدولية سلميا، مكتبة مدبولي، القاهيرة.
21- الصالحي: د.صلاح رشيد (2011) المملكة الحيثية دراسة في التاريخ السياسي لبلاد الأناضول، ط2، دارالكتب والوثايق، بغداد.
22- الخليفاوي: إيمان لفتة حسين (2009) العلاقات الأشورية-الميتانية 1500ق.م-1204ق.م، مجلة الكلية الإسلامية الجامعة، المجلد3، العدد8، ص243-256.
23- الانباري: نجم (2015) المعاهدات الدولية القديمة، مجلة التراث العلمي العربي، العدد4، ص91-132.
24- فرنسيس: بشير يوسف (2017) موسوعة المدن والمواقع في العراق، ج1، إى-كتب، لندن.

25- الامين: محمود حسين (1963) الكاشيون: 1530-1160ق.م، مجلة كلية الآداب جامعة بغداد، العدد6، ص513-558.
26- الأعرجي: حسين سيد نور جلال (2005) الخطاب السياسي في العراق القديم: 3000-539 ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة واسط، كلية التربية.
27- السلماني: جمال ندا صالح الطالب (2010) الدولة الميتانية: دراسة في التاريخ السياسي والحضاري، أطروحة دكتوراه غيرمنشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
28- الزبيدي: مها حسن رشيد (2010) الحياة الاقتصادية في العصر البابلي الوسيط (الفترة الكشية)، اطروحة دكتوراه غيرمنشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
29- الحسيني: عباس علي (2004) مملكة إيسن بين الإرث السومري و السيادة الآمورية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
30- الحسين: سهاد علي عبد (2007) المكانة السياسية لارسا فى الحضارة العراقية القديمة (2025-1763)ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب.
31- الحسيني: لمياء محمد علي كاضم آل مكوطر (2004) بلادبابل (كاردونياش) في العهد الكشي (سلالة بابل الثالثة)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
32- السعدون: عبدالغني غالي فارس (2005) التنافس الحيثي-المصري على بلاد الشام إبان: العهد الإمبراطوري المصري(1570-1080ق.م)، أطروحة دكتوراه غيرمنشورة، جامعةبغداد، كلية الآداب.
33- العابدين: الطيب زين (2016)، بلاد الرافدين من الانقسام إلى الوحدة العصر البالي القديم أنموذجا (2004-1595ق.م)، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة الجزائر، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية.
33- المزوري: عماد عبدالقادر محمد سعيد (2002) الكاشيون 1595-1162 ق.م: دراسة سياسية حضارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاحدين، كلية الآداب.
34- المهنا: رشا ثامر مزهر (2005) التطورات السياسية للدولة الآشورية (911-745 ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بابل، كلية التربية.
35- النجار: عبير عدنان يوسف (2011) أرابخا (كركوك حاليا): دراسة سياسية – حضارية(3500 -539 ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة موصل، كلية الآداب.
باقر: طه
36- (1959) بابل و بورسبا، مطبعة الحكومة، بغداد.
37- (2012) مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج1، ط2، بيت الوراق للطباعة والنشر، بغداد.

38- باقر: طه، علي: فاضل عبدالواحد، سليمان: عامر (1987) تاريخ العراق القديم، ج1، مطبعة جامعة صلاح الدين، د.م.

39- سليمان: صبا علي (2017) الحضارة العلامية و علاقتها بحضارات وادي الرافيدين من بداية الألف الثالث ق.م حتى منتصف الألف الثاني ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة تشرين، كلية الآداب.

40- سيليرييه: الأميرال بيير (1988) الجغرافية السياسية والجغرافية الستراتيجية، ت: أحمد عبدالكريم، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

41- كلينكل: هورست (1990) حمورابي البابلي وعصره، ت: محمد وحيد خياطه، دار المنارة للدراسات والترجمة والنشر، سوريا.

42- على: رمضان عبد (2008) رؤى جديدة فى تاريخ مصر القديمة: منذ أقدم العصور حتى نهاية عصور الأسرات الوطنية: من بداية الأسرة الخامسة عشرة حتى نهاية الأسرة الثامنة عشرة، ج3، مطابع المجلس الأعلى للآثار، القاهرة.

43- فرحان: وليد محمد صالح (1976) العلاقات السياسية للدولة الأشورية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعةبغداد، كلية الآداب.

44- صادق: محمد صالح طيب، احمد: ريبر جعفر (2018) علاقات ممالك كردستان مع المملكة الحيثية في الالف الثاني ق.م، مجلة جامعة دهوك، المجلد21، العدد1، ص176-193.

45- محان: محمد سياب (2011) المعاهدات السياسية في العراق القديم، تموزة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

46- مايى: ريبر جعفر أحمد (2019) العلاقات السياسية والحضارية لكردستان القديمة خلال الالف الثانى ق.م، اطروحة الدكتوراه، غيرمنشورة، جامعة دهوك، كلية العلوم الانسانية.

47- مسعود: شباحي (2009) حركة أخناتون الدينية (1367-1350ق.م): دراسة تحليلية، اطروحة الدكتوراه غيرمنشورة، جامعة الجزائير، كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الإنسانية.

48- معضد: علي هاشم (2016) التاريخ السياسي لمملكة ماري القديمة، مجلة التراث العلمي العربي، العدد4، ص303-324.

49- ناجي: تأثيرعبدالجبار (2009) اوغاريت المدينة والدولة, رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.

50- نجم: احمد مشعان (2017) مكانة تركيا الدولية: دراسة التوازنات الإقليمية والدولية، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

51- وهد: جاسم شهد (2006) الصلات السياسية بين ممالك العراق في العصر البابلي القديم (2004-1595 ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بابل، كلية التربية.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

52-Hinz: Walther (1972) The Lost World of Elam: Re-creation of a Vanished Civilization, T: Jennifer Barnes, Sidgwick &Jackson, London.
53-Ragozin: Zenaide A (2010) Assyria From The Rise Of the Empire to The Fall Of Nineveh (Cotinued from Chaldea), T: Fisher Unwin, Adelphi Terrace,7edition, Nabu press, London.
54-Novak: Mirko (2013) Upper Mesopotamia in the Mittani Period, in (Archeologie et histoire de la syrie I): La Syrie de l'époque néolithique à l'âge du fer, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden,p345-357.
55-Ahmed: Kozad Mohamed (2012) The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) : a historical and cultural synthesis, PhD thesis, Uninersity Leiden, Leiden.
56-Hallo: William W (1964) The Road to Emar, Journal of Cuneiform Studies ,Vol.18, No.3.
57-Olmstead: Cleta.P (1960) History of Assyria, University of Chicago press.
58-Buzan: Barry,Waever (2003) Regional and power: structure of international secyrity, Caimbridge University, United Kingdom, Cambridge press.
59-Laessoe:Jorgen (1963) People of Ancient Assyria: Their Inscription and Correspondence,T: F.S.Leigh-Browne, Routledge&Kegan Pul, Landon.
60-Bryce: Trevor (2003) Lettrs of the great kings of the ancient nearst east: The royal correspondence of the late Bronze age, Routledge Taylor& Francis group, London.
61-Mcintosh :jane R (2005) Ancient Mesopotamia: New prespective, ABC, CLIO, California.
62-Bang: Peter Fibiger, Scheidel: Walter (2013) The state in the ancient near east and Mediterranean, Oxford university press, Oxford.
63- Gelb: Ignace J (1973) Hurrians and Subarians, Edt2, Chicago university press, London.

سەرچاوەی ئەلیکترۆنی
65-Netchev: Simeon, The Mitanni Empire, c. 1500-1300 BCE, published on December 2021, visited 1/3/2023, available at: https://www.worldhistory.org/image/14946/the-mitanni-empire-c-1500-1300-bce/

# The Role of Changes Political Geography to Directing Political Diplomacy and war (2000-1162 B.C)

**Asst. Prof. Ari Khalil Kamil**
Department of Archaeology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Ari.kamil@su.edu.krd

**Cheman Raqib Fateh**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
chemanraqib87@gmail.com

***Keyword:*** Political geography, War, State, Border, Diplomacy.

## Abstract

Political geography has been reflected in the political and security situation of the kings and ruling states in second millennium B.C, and in light of the criteria of distance and proximity to borders and importance as well as the time dimension, it is possible to define the political relations between kings and sages , in an attempt by them to establish diplomatic relations with the existence of conflicts and attacks or to take the neutral side in these wars for the purpose of protecting their supreme interests and protecting the security of the country, of course the wars, conflicts and diplomatic

relations were reflected in the political events of the distant and bordering countries, as we find between the Kingdom of Eshnunna and Assyria and the Kingdom of Larsa with Essen and Babylon And the Kassites with the Elamites, and so on.., and it is worth noting that the kings, for the sake of their political interests and the protection of their borders, established diplomatic relations with their neighboring countries in order to maintain the balance of power and prevent the establishment or building state, such as relation between Mitannians with the Eighteenth Dynasty in Egypt against Hittites , when the latter began to improve its relations. If the complexities of political problems have a direct impact on relations, whether or not there is continuity.


------------------------------------------------------------------------------------------------------------

**الملخص**

إنعكست الجغرافيا السياسية على الوضع السياسي والأمني للماليك والدول الحاكمة منذ الالف الثاني ق.م.، وفي ضوء معايير البعد والقرب من الحدود والاهمية فضلا عن البعد الزمني فأنه من الممكن تحديد العلاقات السياسية بين الملوك والحكماء، في محاولة منهم لاقامة علاقات دبلوماسية مع وجود صراعات وهجمات او اتخاذ الجانب الحيادي في هذه الحروب لغرض حماية مصالحهم العليا وحماية أمن البلاد، بالطبع أنعكست الحروب والصراعات والعلاقات الدبلوماسية على الاحداث السياسية للدول البعيدة والمتاخمة مثلما نجده بين مملكة اشنونا وبلاد أشور ومملكة لارسا مع ايسن وبابل والكاشيين مع العيلامينن وهكذا..، ومن الجدير بالذكر أن الملوك من أجل مصالحهم السياسية وحماية حدودهم قد أقاموا علاقات دبلوماسية مع الدول المجاورة لهم من أجل الحفاظ على توازن القوى ومنع إنشاء ،مثل العلاقات الميتانيين مع الاسرة الثامنة عشر في مصر ضد الحيثيين، اذاً تعقيدات المشاكل السياسية لها تاثير مباشر على العلاقات من عدمها واستمراريتها.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشکۆ





نەخشەی ژمارە (1)

جوگرافیای سیاسی دیارترین شانشینە ئامورییەکان

(العابدين، 2016، ص185)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی ژمارە (2)

جوگرافیای سیاسی دەوڵەتانی نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین

(Netchev, 2023)